خوای گەورە زەوی دەگرێت، وئاسمانەکان دەپێچێتەوە بە - دەستی- ڕاستی، پاشان دەفەرموێت: من پادشام، کوان پادشاکانی زەوی

لە ئەبی هوڕەیڕەوە دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «خوای گەورە زەوی دەگرێت، وئاسمانەکان دەپێچێتەوە بە -دەستی- ڕاستی، پاشان دەفەرموێت: من پادشام، کوان پادشاکانی زەوی».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە خوای گەورە -سبحانه وتعالى- لەڕۆژی قیامەتدا زەوی دەگرێت ودەپێچێتەوە، وئاسمان دەپێچێتەوە بە -دەستی- ڕاستی، بەسەریەکەوە دەیانپێچێتەوە و لەناویان دەبات، پاشان دەفەرموێت: من پادشام، کوان پادشاکانی زەوی ؟!

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65028